# سێیەم نامەی یۆحەنا

[1] لە پیرەکەوە*،

بۆ گایۆسی خۆشەویست کە لە ڕاستیدا خۆشم دەوێت.

[2] ئەی خۆشەویست، نوێژ دەکەم کە لە هەموو شتێکدا سەرکەوتوو
بیت و تەندروستیت باش بێت، هەروەک دەروونت سەرکەوتووە. [3] زۆر
دڵخۆش بووم بەوەی چەند برایەک هاتن و شایەتی دڵسۆزی تۆیان بۆ ڕاستی
دا، هەروەک بەگوێرەی ڕاستی دەڕۆیت. [4] خۆشی لەمە گەورەترم نییە
کە گوێم لێ بێت منداڵانم بەگوێرەی ڕاستی دەڕۆن.

[5] خۆشەویست، تۆ بە دڵسۆزییەوە هەموو شتێک بۆ خوشکان و برایان
دەکەیت، بە تایبەتی بۆ نامۆکان. [6] ئەوان لەبەردەم کڵێسا شایەتییان لەسەر
خۆشەویستیی تۆ داوە. کارێکی باش دەکەیت کە بەو شێوەیە بە شایستەیی
خودا بەڕێیان بکەیت، [7] چونکە ئەوانە لەبەر ناوی مەسیح هاتوونەتە دەرەوە
و هیچ شتێکیان لە بێباوەڕان وەرنەگرتووە. [8] بۆیە پێویستە پێشوازی لە
کەسانی وەک ئەوانە بکەین تاکو بەیەکەوە کار بۆ ڕاستی بکەین.

[9] بۆ کڵێسام نووسیوە، بەڵام دیۆتریفس کە دەیەوێت لەنێوانیاندا ببێتە
یەکەم، پێشوازیمان لێ ناکات. [10] بۆیە ئەگەر هاتم، کردەوەکانی و ئەو
غەیبەتانەی کە سەبارەت بە ئێمەی گوتووە دەیخەمەوە یادی. هەروەها
بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو نایەوێت پێشوازی لە خوشکان و برایان بکات

* **1:1** مەبەست لە یۆحەنایە.

و هەر یەکێک بییەوێت پێشوازییان لێ بکات، ڕێی لێ دەگرێت و لە کڵێسا
دەریدەکات.

## دوای خراپە مەکەوە بەڵکو چاکە

[11] خۆشەویستم، لاسایی خراپە مەکەوە بەڵکو چاکە. ئەوەی چاکە
بکات لە خوداوەیە، ئەوەش خراپە بکات، خودای نەبینیوە†. [12] دیمیتریۆس
لەلایەن هەموو کەسێک و لەلایەن ڕاستییشەوە شایەتی بۆ دراوە. ئێمەش
شایەتی دەدەین، ئێوەش دەزانن شایەتی ئێمە ڕاستە.

[13] زۆرم هەبوو بۆتی بنووسم، بەڵام نامەوێت بە قەڵەم و مەرەکەب بێت.
[14] بەڵکو ئومێدەوارم بەم زووانە بتبینم تاکو ڕووبەڕوو قسە بکەین.

[15] سڵاوت لێ بێت.

برادەران سڵاوت لێدەکەن. بە ناوەکانیان سڵاو لە برادەران بکە.

† **1:11** مەبەستی ئەوەیە کە خودای نەناسیوە.

# ستاندەر سۆرانیی کوردیی پێبەرامبەری وەشانی ®Biblica
## Kurdish, Central: Biblica® سۆرانیی کوردیی پێبەرامبەری وەشانی ستاندەر (Bible)

© 2020.

Language: سۆرانی کوردی (Central Kurdish)

Biblica® Open Kurdi Sorani Standard Version™
Copyright © ,1998 2011, 2016, 2020 by Biblica, Inc.
“Biblica” is a trademark registered in the United States Patent and Trademark Office by Biblica, Inc. Used with permission.
All content on open.bible is made available under a Creative Commons Attribution-ShareAlike 4.0 License (http://creativecommons.org/licenses/by-sa/4.0/).
You are free to:
Share — copy and redistribute the material in any medium or format
Adapt — remix, transform, and build upon the material for any purpose, even commercially
Under the following conditions:
Attribution — You must attribute the work as follows: “Original work available for free at www.biblica.com and open.bible” Attribution statements in derivative works should not in any way suggest that we endorse you or your use of this work.
ShareAlike — If you remix, transform, or build upon the material, you must distribute your contributions under the same license as the original.
Use of trademarks: Biblica® is a trademark registered in the United States Patent and Trademark Office by Biblica, Inc. and may not be included on any derivative works. Unaltered content from open.bible must include the Biblica® trademark when distributed to others. If you alter the content in any way, you must remove the Biblica® trademark before distributing your work.
This translation is made available to you under the terms of the Creative Commons Attribution Share-Alike license 4.0.
You have permission to share and redistribute this Bible translation in any format and to make reasonable revisions and adaptations of this translation, provided that:
You include the above copyright and source information.
If you make any changes to the text, you must indicate that you did so in a way that makes it clear that the original licensor is not

necessarily endorsing your changes.
If you redistribute this text, you must distribute your contributions under the same license as the original.
Pictures included with Scriptures and other documents on this site are licensed just for use with those Scriptures and documents. For other uses, please contact the respective copyright owners.
Note that in addition to the rules above, revising and adapting God's Word involves a great responsibility to be true to God's Word. See Revelation 22:18-19.

2021-04-09

PDF generated using Haiola and XeLaTeX on 21 Feb 2024 from source files dated 29 Jan 2022
b27f70b0-86f8-5719-bd79-8ef417eb0c62